# Role ،Kurdish Satellite Channels ،Guiding, Tourist ،Erbil Tourist Attractions, Erbil Province

**Dlshad Mustafa Sulaiman**[1], **Hersh Rasul Murad**[2]
[1] Department of Media, College of Arts, University of Salahaddin
[2] Dean of technical college of administration, Sulaimani Polytechnic University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.08*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The purpose of this study is to identify the subject matter and the message of the reports on Kurdish satellite channels that are used to direct visitors for touristic attractions in Erbil province. The study is descriptive, and mapping (content analysis) theory is used for the data analysis process. The samples are taken from the entire reports of Kurdish satellite channels such as: Kurdistan TV, Kurdsat News, and Spedah. Travel news reporte on the targeted channels are specifically focused for data collection.The study concludes that the channels have successfully broadcasted tourism news, touristic attractions, and the beauty of touristic places in Erbil province.*

***Keywords:*** *Role ،Kurdish Satellite Channels ،Guiding, Tourist ،Erbil Tourist Attractions, Erbil Province*

# ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر: توێژینەوەیەکی شیکارییە

**دلشاد مصطفى سليمان**

قوتابیی دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

ئیمەیڵ: dalshad.sulaiman@su.edu.krd

**پ. د. هێرش ڕەسوڵ موراد**

ڕاگری کۆلیژی تەکنیکیی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ئیمەیڵ: hersh.rasool@spu.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانین و خستنەڕوو و دیاریکردنی جۆری بابەت و ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی ناو ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بەکارهاتوون.

توێژینەوەکە، لە ڕووی جۆرەوە، بە یەکێک لە توێژینەوە پەسنکارییەکان هەژماردەکرێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی، ڕێبازی ناخشیکاریی بەکارهێناوە.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بریتییە لە کۆی ڕاپۆرتەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کە (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە)ن. مشتەی توێژینەوەکەش لە ڕاپۆرتەکانی بواری گەشتیاری پێکدێت کە لەو کەناڵانە پەخشکراون.

لە کۆتاییی توێژینەوەکەشدا؛ توێژەران بە چەند ئەنجامێک گەیشتوون؛ لەوانە، کەناڵەکان توانیویانە کار لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی گەشتیاری، ڕاکێشانی گەشتیاران، سەرنجڕاکێشیی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر بکەن.

**وشە کلیلییەکان:** ڕۆڵ، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئاراستە، گەشتیار، شوێنە گەشتیارییەکان، پارێزگای هەولێر.

# ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر: توێژینەوەیەکی شیکارییە

## پێشەکی

تەلەڤزیۆن بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانی پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێشی تەکنیکی بەدەستبهێنێت، ئەویش بە بەکارهێنانی دەنگ، وێنە و ڕەنگ پێکەوە، وایکرد کاریگەرییەکەی لە هزر و زەینی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕی لە زانیاری و ڕەفتارەکانیان بکات.

توێژینەوە لە بابەتی ڕاگەیاندنی گەشتیاری و کاریگەرییەکانی، بووەتە بابەتێکی خێرا و گرنگ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئاراستەیە ئەنجامدراوە، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان دەیگرنەبەر و، ڕادەی ڕۆڵبینین و کاریگەرییەکانی کەناڵەکانە لە سەر کەرتی گەشتیاری خراوەتەڕوو.

توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر. ئامانجی ڕوونکردنەوەی بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاری و ڕۆڵیەتی لە گەشتیاریی ناوخۆییدا.

ئەم توێژینەوەیە بۆ سێ باس دابەشکراوە: لە باسی یەکەمدا؛ (ڕێبازنامەی توێژینەوەکە) خراوەتەڕوو، کە خۆی لە چەند تەوەرە و بڕگەیەک دەبینێتەوە. باسی دووەمیش، کە تایبەتە بە (زانیارینامەی توێژینەوەکە)، هەریەک لە: کەرتی گەشتیاری و ڕاگەیاندنی گەشتیاری خراونەتەڕوو، هەروەها لە باسی سێیەمدا کە تەرخانکراوە بۆ (شیکارینامەی توێژینەوەکە)، جگە لە باسکردنی سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان، ئەنجامی ناخشیکاریی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانیش خراونەتەڕوو. لە کۆتاییشدا؛ توێژەران چەند ئەنجامێکیان خستوونەتەڕوو، پاشان چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێک.

### باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

#### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە؛ بریتییە لە "بوونی ناڕوونی لە ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کێشەی توێژینەوەکەش، توێژەران ئەم پرسیارانەیان خستوونەتەڕوو:

١. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕێگەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان چۆن گەشتیار ئاراستەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەکەن؟
٢. ڕوونیی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان چین؟
٣. زانینی ئاستی تێرکردنی پێداویستییەکان لە زانیارییەکانی ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان چین؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە**

دەتوانرێت گرنگیی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەوە ببینرێت:

١. **کۆمەڵ و نیشتمان:** بابەتێکی گرنگ و بەسوودە و بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە پەیوەستە. هاوکات؛ کەرتی گەشتیاری بوارێکی گرنگی نیشتمانییە، بایەخپێدانیشی بەسوود و قازانجی بەرژەوەندیی گشتی تەواو دەبێت.

٢. **ئابووری:** بەو پێیەی گەشتیاری سەرمایەیەکی گەورەی نیشتیمانییە، دەوڵەت دەتوانێ وەک داهاتی (نەوت، خاڵی سنووری، ناوخۆ) پشتی پێببەستێ، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ گەشەپێدانی ئەم کەرتە، پێویست و گرنگن. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێک بۆ بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری و بەرزبوونەوەی داهات و گەشەکردنی ئابووریی وڵات.

٤. **تیۆری و ئەکادیمی:** بابەتی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆری و ئەکادیمییەوە بابەتێکی گرنگە و ناوەندە ئەکادیمییە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سوودی زۆری لێ ببینن.

٥. **پیشەیی:** توێژینەوەکە دەبێتە هەوڵێک بۆ پیشەییبوونی ڕاگەیاندنی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەت ڕاگەیاندنی بینراو.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.
٢. ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.
٣. خستنەڕووی ئامانجی ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان.

**چوارەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە، لە ڕووی جۆرەوە، بە یەکێک لە توێژینەوە پەسنکارییەکان هەژماردەکرێت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی، ڕێبازی ناخشیکاریی بەکارهێناوە.

**پێنجەم: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵی توێژینەوەکە، بریتییە لە کۆی ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی نموونەی توێژینەوەکە، کە (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە)ن. مشتەی توێژینەوەکەش بە شێوەی مەبەستدار لە ڕاپۆرتەکانی کەرتی گەشتیاری پێکدێت، کە لەو کەناڵانە و لە ماوەی هەر دوو وەرزی بەهار و هاوین (شەش مانگ) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/٢١) تا (٢٠٢٢/٩/٢١) پەخشکراون و کۆی گشتییان (١٦١) ڕاپۆرتە.

خشتەی ژمارە (١): ژمارەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| ز | ناوی کەناڵ | دووبارەبوونەوە | ماوە |
|---|---|---|---|
| ١ | کوردستان تیڤی | ١٠٤ | ٢٠٢٢/٣/٢١ تا ٢٠٢٢/٩/٢١ |
| ٢ | کوردسات نیوز | ٣٠ | ٢٠٢٢/٣/٢١ تا ٢٠٢٢/٩/٢١ |
| ٣ | سپێدە | ٢٧ | ٢٠٢٢/٣/٢١ تا ٢٠٢٢/٩/٢١ |
| ٤ | کۆی گشتی | ١٦١ | ٢٠٢٢/٣/٢١ تا ٢٠٢٢/٩/٢١ |

**شەشەم: ڕواڵەتەدروستی**

بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕێکخستنی فۆڕمی ناخشیکاری و گونجاندنی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی فۆڕمەکە، بە پشتبەستن بە پێوەری ڕواڵەدروستی، لە لایەن (١١) پسپۆری ئەکادیمی لە بواری (ڕاگەیاندن، گەشتیاری و ئابووری) هەڵسەنگێندرا، دوای تاوتوێکردنی سەرنج و پێشنیازەکانیان، چەند گۆڕانکارییەکیان تێدا کرا، ئەویش لە ڕێگەی هاوکێشەی (*Content Validity*)یەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٩٣.٤٣٪)[١]، ئەمەیش لە ڕووی زانستییەوە، ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر مشتەی توێژینەوەکە.

**حەوتەم: بوارەکانی توێژینەوەکە**

دەستنیشانکردنی بوارەکانی توێژینەوە، یەکێکە لە ڕێکارە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی، بواری توێژینەوەش بە سەر سێ بوار دابەشدەبێت، ئەوانیش بریتین لە:

١. **بواری بابەت:** پەیوەستدارە بە ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی هەر یەکە لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز و سپێدە) ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم کەناڵانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, کەوا لە ماوەی شەش مانگ زۆرترین ڕاپۆرتیان لە سەر کەرتی گەشتیاری لە سنووری پارێزگای هەولێر کردووە.

٢. **بواری شوێن:** بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سنووری قەزاکانی پارێزگای هەولێر، کە گشت ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی هەر سێ کەناڵ، کە تایبەتکراون بە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە.

٣. **بواری کات:** بواری کات خۆی دەبینێتەوە لە ڕاپۆرتەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ماوەی نێوان (٢٠٢٢/٣/٢١ تا ٢٠٢٢/٩/٢١).

**هەشتەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

١. **ڕۆڵ:** بریتییە لە پێوەرەکانی ڕەفتار یان ڕێساکان، کە وەسفێکی دیاریکراو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان ئەو نمایشەدا بەرێوەدەبەن، کەوا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا لە بوارە جیاوازەکاندا ئەنجامیدەدەن.

٢. **کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:** لێرەدا مەبەست لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی نموونەی توێژینەوەکەیە، کە (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز و سپێدە)ن، کەوا توێژینەوەکە دەیەوێت لێیانبکۆڵێتەوە، لەوەی کەناڵەکان ڕۆڵیان چۆنە لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

***3.* ئاراستەکردن** : جووڵەیەکە لە ڕێگەی کردەیەکی پلانبۆدانراوەوە دێتەدی. لێرەشدا، واتە ئەو ڕێبەریکردنەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەیکەن.

٤. **گەشتیار:** ئەو کەسەیە کە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی جێبهێڵێت بۆ ماوەیەکی کاتی، کە کەمتر نەبێت لە شەو ڕۆژێکدا و زیاتریش نەبێت لە ساڵێک، ئەو ماوەیە تەرخانبکات بۆ گەشتکردن و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی، نەک بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی. لێرەش، مەبەست لە گەشتیاری ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، کەوا گەشت و سەیران بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەکەن.

٥. **شوێنە گەشتیارییەکان:** مەبەست لێی دیاریکردن و ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە.

٦. **پارێزگای هەولێر:** یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (عێراق)، پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە، چەندین قەزا لەخۆدەگرێت.

**باسی دووەم: زانیارینامەی توێژینەوەکە**

**(کەرتی گەشتییاری و ڕاگەیاندنی گەشتیاری)**

**یەکەم: کەرتی گەشتیاری**

**١. گەشتیار:**

بەشێک لە زانایان و پسپۆڕان و دامەزراوە فەرمییەکانی بواری گەشتیاری پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ گەشتیار و کەرتی گەشتیاری کردووە؛ پێناسەی "ڤیاس تینارد ( *Yves Tinard* ) بۆ گەشتیار، دەکرێت گەشتیار بەوە دابنرێت کە؛ هەر کەسێکە لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی و بۆ ماوەیەک لە (٢٤) کاتژمێر، یان شەوێکی تەواو کەمتر نەبێت و لە چوار مانگیش زیاتر نەبێت، بێتە شوێنێکی دیکە، لە پێناو یەکێک لەم هۆیانەی (چێژوەرگرتن، تەندروستی، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، گەشتی کارکردن و گواستنەوەی تایبەت، گەشتی خوێندن)". (د. یحیی، ٢٠١٣: ٩٨)

**٢. گەشتیاری:**

یەکەمین پێناسەی گەشتیاری لە لایەن (جویر فرولر *Guyer Freuler*)ی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٠٥) کراوە و پێیوایە "(گەشتیاری دیاردەیەکی ئاساییە لە دیاردەکانی چەرخی تازە، کە هەڵقوڵاوی پێویستیی زیاترمانە بە پشوو و خۆشی و حەوانەوە و گۆڕینی هەوا و هەستی ڕۆشنبیری و کلتووری و چێژوەرگرتنە لە بینینی جوانیی دیمەنە سروشتییەکان"). (سایە، ٢٠١٦: ٧)

**٣. گرنگیی گەشتییاری:**

بە سەرنجدان لە گرنگیی گەشتیاری دەردەکەوێت، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، "گەشتیاری بوو بە یەکێک لە پیشەسازییە جیهانییەکان و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی پێگەیەکی بەرچاوی لە بایەخی شارەزایانو ئابووریناسان گرتەوە". (خالد، ٢٠٠٣: ٢٥) هەروەها "دەرکەوتنی کەرتی گەشتیاری نەک تەنها بووەتە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانی ئابووریناسان، بەڵکو هەتا بووەتە مایەی بایەخپێدانی زانایانی کۆمەڵناسی و ژینگەش". (أسامە، ٢٠٠٦: ٩)

**٤. جۆرەکانی گەشتیاری:**

دەتوانین گەشتیاری بە سەر چەند جۆرێک پۆلێنبکەین، ئەوانیش گەشتیاری بە پێی پێوەری تاک، کە خۆی لە گەشتیاریی تاکەکەسی و کۆمەڵ دەبینێتەوە، جۆرێکی دیکەیان بە پێی تەمەنی گەشتیارە، ئەوانیش بە سەر چوار گرووپ دابەشدەبەن، "نەوجەوانان، لاوان، گەورەکان، خانەنشینان"، جۆری سێیەمیان بە پێی شوێنە، کە خۆی لە گەشتیاری "ناوخۆیی و نێودەوڵەتی" دەبینێتەوە. جۆری چوارەمیان گەشتیاری بەپێی مانەوە، کە گەشتیاری "چەند ڕۆژێک، وەرزی، مانەوە، سەرپێیی"، کۆتا جۆریان بە پێی ئامانجە کە خۆی لە جۆری گەشیاری "کاتبەسەربردن، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، وەرزشی، ئاینی، چارەسەرکردن، شوێنەوار و مێژووی، کۆنگرە و فیستیڤاڵەکان" دەبینێتەوە.

**دووەم: ڕاگەیاندنی گەشتیاری**

**١. چەمکی ڕاگەیاندنی گەشتياري:**

بە گشتی، چەمکێکە لە سەر "بنەمای هزریو هەڵسوکەوتی پیشەیی بونیادنراوە و لایەنە میدیاییە تایبەتمەندەکانی وەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ ئەنجامیدەدەن". (محمد، ٢٠١٦، ص٦) توێژەرانی وەکو کاڤلاک (*Kavlek*)و هال (*Hall*) و بیرلی و مارتن (*Beerli and Martin*)و گارتنەر (*Gartner*) ئاماژەیان بە ڕاگەیاندن داوە وەکو "یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەی کە گەشتیار پەنای بۆ دەبات لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری، هەروەها بە یەکێک لە شێوەکانی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ دادەنرێت". (بلبخاري، ٢٠١٦: ١٧٧)

**٢. پێناسەی ڕاگەیاندنی گەشتیاری:**

ڕاگەیاندنی گەشتیاری چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە، ڕاگەیاندنی گەشتیاری بریتییە لە: "دواندنی جەماوەر لە ناو وڵات و دەرەوەی، دواندنێکی بابەتیانە و عاقڵمەندانە، بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاکێشان و جۆش و خرۆشپێدان لە پێشکەشکردنی بەرهەمی گەشتیاری بە مەبەستی قایلکردنی جەماوەر و وروژاندنی بایەخەکانی بۆ لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی گەشتیاری و سوودی بۆ تاک و وڵات هەبێت". (خالد بن عبدالرحمن، ٢٠١٤: ٥٩)

**٣. بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاری:**

بایەخی ڕاگەیاندنی گەشتیاري لە سروشتی تایبەتی پیشەسازیی گەشتیارییەوە دێت، ئەو بایەخەش کە هەیەتی لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە "چالاکییەکی پیشەیی زانیارییە و ڕەنگدانەوەی بەهای ڕاستەقینەی بەرهەمی گەشتیاری و ئەو ژینگە ئابوورییەی لە بوارەکەدا دابینیدەکات، سەرباری ئەو ڕۆڵەی لە بەهێزکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گەشتیاریدا هەیەتی و زیاتریش لە پەیوەندیکردنی ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکانەوە ئەو بایەخەی دەردەکەوێت". (د. مصطفی، ٢٠١٥: ٨٩)

ڕاگەیاندنی گەشتیاری کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ لەخۆدەگرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامانجە (نیشتیمانییەکان، ژینگەییەکان، ئابوورییەکان، ڕۆشنبیرییەکان، کۆمەڵایەتییەکان)

**٤. کاریگەریی ڕاگەیاندن لە سەر کەرتی گەشتیاری:**

لە ماوەی ڕابردوودا "ئامرازەکانی میدیا بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە چالاککردنی کەرتی گەشتیاری و لەوانە پاراستنی (سروشت، ژینگە)" (*Dr. Praveenkumar, 2014: 188*) "کلتوور و پەرەپێدانی هۆشیاری و بونیادنانی وێنەی وڵات و پێداویستییەکانی گەشتیاریی ناوخۆیی". *(Gebrehiwot, 2018: 16)*، هەر بۆیەش ئەو پەیوەندییە لە نێوان "هۆیەکانی میدیا و گەشتیاریی زۆر گرنگە، کەرتی گەشتیاری پشت بە هونەر و کەرستە میدیاییەکان دەبەستێت، چونکە بڕیاری گەشتیار زۆرجار لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن، کە وا دەکات گەشتیار ڕوو لەو شوێنانە بکات تاوەکو کاتێکی خۆشی لێ بەسەرببات".*(Rao, 2017: 36)*

**٥. کاریگەریی ڕاگەیاندنی گەشتیاری لە سەر تاک و کۆمەڵ:**

میدیا هەوڵدەدات "تێگەیشتنی جەماوەر بۆ شوێنە گەشتیارییەکان دروستبکات، لەوەش گرنگتر کاریگەری لە سەر بەکارهێنەرانی ئەو شوێنە گەشتارییە دروستبکات، کە ئامانجیەتی گەشەپێبدات و بوژانەوە بە خۆیەوە ببینیت"*(Mansson, 2015: 49)* ، هەر بۆیە لە نێوان گەشتیاری و ئامرازەکانی میدیا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، میدیا کاریگەریی زۆری لە سەر کەرتی گەشتیاری هەیە". *(Kumari, 2017: 20)* ئەمە وای کردووە "کارلێک لە سەر گەشتیار دروستبکات و بڕیاری گەشت بدات و زانیاری کۆبکەنەوە و سەیران و گەشت بکات، ئەمەش کاریگەری لە سەر بوژانەوەی ئابووری و وڵات و پیشەسازی و گەشەسەندنی گەشتیاری دروستدەکات". *(Al-khasawneh Nermmin, Al-Hrout Shadi and Ibrahim Hussien M, 2018: 38)*

**باسی سێیەم: شیکارینامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشیتارییەکان**

**١. سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

لە هەرێمی کوردستانی عێراق "لەساڵی (١٩٩٩)ەوە شێوازی کەناڵە ئاسمانییەکانی لە ڕێگەی پەخشی کەناڵی کوردستان تی ڤییەوە (*Kurdistan.TV*) ناسی". (مەحمود، ٢٠١٣: ١٩٣)، ئەم کەناڵەش لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرا و یەکەم پەخش و بەرنامەشی لە (١٩٩٩/١/١٧) دەستپێکرد. (د. مەغدید، ٢٠١٢: ٢٦١)، دواتر کەناڵی کوردسات (*Kurd sat*) بە دووەمین کەناڵی ئاسمانیی کوردی دادەندرێت، کە لە لایەن یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، لە (٢٠٠٠/١/١) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد. (عبدالصمد،٢٠١٠: ٩٢)، هەروەها کەناڵی

زاگرۆس (*Zagros. TV*) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٦/١٣) لە شاری هەولێر لە لایەن (پ. د. ک) دامەزرا. (ابراهيم، ٢٠٠٧: ١٢٥)، دواتر کەناڵێکی تر بە ناو "ڤین تیڤی (*VIN. TV*) وەک یەکەم کەناڵی میوزیکی کوردیی باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٧/١٥) لە شاری دهۆک دەستی بە پەخشی خۆی کرد". (ئەحمەد، ٢٠١٧: ٤٩).

"ساڵێک دواتر کەناڵی گەلی کوردستان (*Gali Kurdistan*) کرایە کەناڵێکی ئاسمانی و لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٣/٥) دەستی بە پەخشی ئەزموونی کرد و دوای ئەوە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/١) دەستیکرد بە پەخشی بەرنامەکانی، خاوەندارێتیی کەناڵەکە بۆ (ی. ن. ک.) دەگەڕێتەوە". (دياری، ٢٠١٠: ١٥٣)، هەر لە هەمان ساڵ "کەناڵی نەورۆز (*Nawroz*) لە (٢٠٠٨/٨/١) دامەزرا، کە یەکەم کەناڵی ئاسمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، تەمەنی ئەم کەناڵە دوو ساڵ بوو لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/١) پەخشەکەی وەستا. هەندێک لە کارمەندانی لەگەڵ تەواوی کەلوپەلی ناو ستۆدیۆی درا بە پەرلەمانی کوردستان و ناوەکەشی گۆڕدرا بوو بە کەناڵی ئاسمانیی پەرلەمانی کوردستان (*KPC*) لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٣/١) دەستی بە پەخشی خۆی کردەوە، دواجار لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٤/١) جارێکی تر پەخشەکەی وەستا". (د. سێرگێی، د. مەغدید، ٢٠١٣: ل١٠،١٠١٢) دوای "کەناڵی نەورۆز کەناڵێکی تر بە ناوی کەناڵی ئاسمانیی جەماوەر (*Jamawar*) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١١/١) لە شاری سلێمانی وەک زمانحاڵی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (حسک) دامەزرا". (ارشد، ٢٠١٦: ٩٨) دوای حزبی سۆسیالیست کۆمەڵی ئیسلامی (دادگەری)یش بیری لە دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی کردەوە، ئەوە بوو کەناڵی ئاسمانیی پەیام (*Payam*) وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی ئیسلامی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/١) لە لایەن ئەو حزبە دامەزرا. (جوان، ٢٠١٧: ٢٤) پاشان "کەناڵێکی تری هەواڵی لە لایەن کۆمپانیای "وشە" بە ناوی کەناڵی (کەی ئێن ئێن/*KNN*) دامەزرا، کە یەکەم پەخشی خۆی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/٣١) دەستپێکرد". (حكيم، ٢٠١٣: ١٧٦) دوای کەناڵی "ئاسمانیی پەیام کەناڵێکی تری ئیسلامی لەدایکبوو ئەویش کەناڵی ئاسمانیی سپێدە (*Speda*) بوو، کە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/١٦) دەستی بە پەخشی خۆی کرد و خاوەنداریەتیی کەناڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان". (بەهات، ٢٠١٦: ٣٣).

لە هەرێمی کوردستان ساڵ دوای ساڵ کەناڵی ئاسمانیی زیاتر لەدایکبوون، جگە لە پارتە سیاسییەکان گرووپ و کۆمپانیای تر بیریان لە دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی کردەوە، "لە قۆناغێکی نوێ کەناڵی ئێن ئاڕ تی (*NRT*) لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٢/١٧) لە شاری سلێمانی دەستی بە پەخشی خۆی کرد، خاوەنداریەتییەکەی بۆ گرووپی کۆمپانیای "نالیا" دەگەڕێتەوە". (شاخەوان، مريوان، ٢٠١٨: ١٥٧) لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شۆرشی تەکنۆلۆجیا و زانیاری و شاشەی ئێچ دی لەدایکبوو، لەسەر ئەم گۆڕانکارییە "لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/٥/٢٩) کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو

(*Rudaw*) لە شاری هەولێر دەستی بە پەخشی خۆی کرد". (دڵشاد، ٢٠١٩: ٩٤) ساڵێک دواتر "دەزگای میدیایی کوردسات کەناڵی کوردسات نیوز (*Kurdsat News*) لە (٢٠١٤/٣/١٥) دامەزراند، کە کەناڵێکی تایبەتە بە هەواڵ و سیاسەت". (هاوری، کاروان، ٢٠١٧: ١٨٨) یەک مانگ دوای ئەو کەناڵە لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٤/٢٠) کەناڵی ئاسمانیی وارتیڤی (*War t.v*) لە شاری دهۆک دامەزرا. (بەشدار، ٢٠٢٠: ١٠٩) پاشان "کەناڵی ئاسمانیی کوردستان٢٤ لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/٣١) لە شاری هەولێر دامەزرا و بە زمانی کوردی هەواڵ و بەرنامەکانی پەخشدەکات". (جوان، ٢٠٢٢: ١٧٨).

**٢. ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان:** ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە بواری گەشتیاری " ڕۆڵی دوانەیی و پێکهاتەیی دەگێڕێت، بە جۆرێک یارمەتیی چالاککردنی گەشتیاری دەدات لە میانی بەرزکردنەوەی بەهای هوشیاریی گەشتیاری لای هاووڵاتیانی ناوخۆ و زیادکردنی زانین و زانیارییەکانیان و ناساندنی شوێنە گەشتیارییە جیاوازەکانی وڵات پێیان و هاندانیان بۆ مامەڵەکردنی باش لەگەڵ گەشتیاران و مێوانداریکردنیان و سەرنجڕاکێشانیان بۆ ئەوەی دووبارە سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان بکەنەوە". (د. أماني، ٢٠١٧: ٩٤)

٣. **شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر:** لە سنووری ناوچەی توێژینەوە چەندین شوێنی گەشتیاری هەن، لە بەر زۆری تەنها ئاماژە بە ناوی بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر دەکەین ئەوانیش:

(بێخاڵ، جوندیان، گەلی عەلی بەگ، شنگلبانە، تەلەفریکی کۆرەک، وەرتێ، ڕێزان، گوندی خۆشکانی گەشتیاری، سەکران، پرژە، کانیبەست، حاجی ئۆمەران، شەقڵاوە، هیران، کۆساری گەشتیاری، پرۆژە گەشتیارییەکانی تەقتەق، پرۆژە گەشتیارییەکانی ئاشتی، فامیلی مۆڵ، ماجیدی مۆڵ، دۆڵی ڕوست، دۆڵی مەلەکان، پارکی سامی عەبدورحمان، پارکی شانەدەر، پارکی منارە، ناشناڵ پارکی هەڵگۆرد – سەکران، ناوچەی پارێزراوی بارزان، گۆمی ڤێلاو، بێرمەسارد، بێرمی دینداران، ئەشکەوتی شانەدەر، ئەشکەوتە بەستوون، مەزاری ڕەبەن بۆیا، مەزارگەی مەربێنە قەدیشە، قەیسەری هەولێر و کۆیە) قەڵاکان (هەولێر، کۆیە، خانزاد، دوین، دێرێ، ئیسقەڵا) هەروەها سەیرانگاکان (شێرەسوار، چنارۆک، هەنارە، تەوسکە، بێرۆیان، دەشتی هێرت، مەیدانۆکا).

**دووەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە کەناڵەکانیی (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە)**

**– کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی:** "مێژووی دامەزراندنی یەکەم کەناڵی ئاسمانی لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆ "کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی"، کە لە لایەن پارتی دیموکراتی

کوردستان خاوەنداریەتی دەکریت، "ئەم کەناڵە لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/١/١٧) دەستی بە پەخشی خۆی کرد". (صلاح الدين، ٢٠١٠: ٨٩) بارەگای سەرەکیی ئەو دەزگایە لە شاری هەولێرە.

**- کەناڵی کوردسات نیوز:** دەزگای میدیایی کوردسات یەکێکە لە دامەزراوە سەرەکییەکانی ناو میدیای کوردی بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانییە. "مێژووی دەزگای میدیایی کوردسات دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی کەناڵی کوردسات، کە لە لایەنی یەکێتیی نشتیمانی کوردستان دامەزرا، لە (٢٠٠٠/١/١) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد". (ابراهيم، ٢٠٠٧: ١٢٤) نموونەی توێژینەوەکە کەناڵی کوردسات نیوزە، ئەو "کەناڵەش لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٣/١٥) دەستی بە پەخشی خۆی کرد، کەناڵێکی تایبەتە بە هەواڵ و سیاسەت، لە لایەنی (ی. ن. ک) خاوەنداریەتی دەکرێت". (هاوری، کاروان، ٢٠١٧: ١٨٨)

**- کەناڵی ئاسمانیی سپێدە:** "ئەم کەناڵە "لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٦/١٦) دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد، خاوەنداریەتیی کەناڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان". (بەهات، ٢٠١٦: ٣١).

**سێیەم: یەکە و دەستەکانی ناخشیکاری (شیکارینامە)**

**١. یەکەی شیکارینامە**

لەم توێژینەوەیە دوو یەکەی شیکردنەوە دەستنیشانکراون، ئەوانیش بریتین لە:-

**- یەکەی بابەتە ڕاپۆرتییەکان:** کە بریتین لە گشت ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان، کە تایبەتەن بە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

**- یەکەی بابەت (بیرۆکە):** مەبەست لێی ڕەهەندەکانی ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە.

**٢. دەستەکانی شیکارینامە**

دەستەکانی شیکارینامە، ئەو دەستانەن پەیوەندی و کارلێکیان بە دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکای بابەتەوە هەیە، مەبەستیش لێی هەموو ئەو شتانەن یارمەتیدەردەبن لە دیاریکردنی گرنگیی بابەتەکە و شیکردنەوەی.

**دەستەکان دابەش دەبەن بە سەر دوو جۆر ئەوانیش:**

**- دەستەکانی شیکارینامە (چی گوتراوە؟)**

ئەو دەستانەن، گرنگیی زیاتریان لە توێژینەوەکە پێدراوە، پەیوەستن بەو ڕاپۆرتانەی لە هەردوو وەرزی بەهارە و هاوینە لە بارەی شوێنە گەشتیارییەکان بڵاوکراونەتەوە، یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە

و ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەرخستنی تایبەتمەندیەتیی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

**- دەستەکانی شیکارینامە (چۆن گوتراوە؟)**

ئەو دەستانە پەیوەستن بە شوێن، ڕواڵەت و لایەنی هونەریی ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکان، کە دەکرێ کاریگەری و مانای زیاتریان پێبدات و یارمەتیدەرن بۆ دەرخستنی قەبارە و شێوازی گرنگیپێدانی مشتەی توێژینەوە بە ڕاپۆرتەکانی شوێنە گەشتیارییەکان، لەم توێژینەوەیەدا دەستەکانی شیکارینامە بریتین لە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی لە سنووری قەزاکان، ماوەی ڕاپۆرتەکان و کاتی پەخشی ڕاپۆرتەکان. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ دەستەکان بەم شێوەیە دیاریبکەین:

خشتەی ژمارە (٢): ناساندنی یەکە و دەستەکانی شیکارینامە (چی گوتراوە؟)

| ژ | یەکەکان | پێناسە |
|---|---|---|
| ١ | یەکەی بابەتە ڕاپۆرتییەکان | بریتین لە گشت ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان |
| ٢ | یەکەی بابەت (بیرۆکە) | مەبەست لە یەکەی بیرۆکە، ڕەهەندەکانی ئاراستەکردنی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. |
| | | |
| **ژ** | **شیکردنەوەی چی گوتراوە (ناوەڕۆک)** | **پێناسە** |
| ١ | ئاراستەکان | لایەنگر، بێلایەن و دژ. |
| ٢ | ئامانجی ڕاپۆرتەکان | ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، هەواڵ و زانیاری، نیشاندانی خۆشگوزەرانی، گەشەسەندنی گەشتیاری، ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان، ڕیکلام و برەوپێدانی گەشتییاری، ڕێنمایی و هۆشیاریی گەشتیاری و بڵاوکردنەوەی کلتووری گەشتیاری. |
| ٣ | ناوەڕۆکی پەیامەکان | کاتبەسەربردن، سەرنجڕاکێش، سروشتی کوردستان، پاکڕاگرتنی ژینگە، ئاشتەوایی سیاسی و ئاسایش و سەقامگیری، پیشەی دەستی و بەرهەم و خواردنە میللییەکان، داتای ئاماری لە سەر ژمارەی گەشتیاران، سەرکێشی و چێژوەرگرتن، ڕەفتاری ئەرێنیی هاوولاتیان لەگەڵ گەشتیاران و بەهاناوەچوونی گەشتیاران لە کاتی ڕووداوەکاندا. |

خشتەی ژمارە (٣): دەستە ڕواڵەتییەکان (چۆن گوتراوە؟)

| ژ | دەستە ڕواڵەتییەکان (چۆن گوتراوە) | پێناسە |
|---|---|---|
| ١ | سنووری قەزاکان | دەشتی هەولێر، خەبات، مەخموور، شەقڵاوە، کۆیە، سۆران، چۆمان، ڕواندز و مێرگەسۆر. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | ماوەی ڕاپۆرتەکان | کەمتر لە (٢:٣٠) خولەک، (٢:٣٠) خولەکی تەواو و زیاتر (٢:٣٠) خولەک |
| ٣ | کاتی پەخشی ڕاپۆرتەکان | گەشتی هەواڵەکان، بەرنامەی بەیانیان، بەرنامەی ئێواران، پەخشی ڕاستەوخۆ و کاتی تر. |

**چوارەم: شیکارینامەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە)**

- شیکردنەوەی دەستەکانی ناوەڕۆک (یەکەی بابەت) (چی گوتراوە؟)

**١. ئاراستەکان:**

بەپێی ئەنجامی شیکارینامەکە، ئاراستەی مشتەی توێژینەوەکە لە سەر هەر سێ کەناڵ خراوەتەڕوو، کە زۆرینەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان بێلایەنانە بوون، ڕێژەکەی بریتی بووە لە (٨٧.٥٪)، هەروەها بە پلەی دووەم ئەو ڕاپۆرتانە دێن، کە دژ (ڕەخنەیین)، کەمترین ڕێژەی ئەو ڕاپۆرتانەن، کە لایەنگیرن بە ڕێژەی (٠.٦٪).

توێژەران پێیانوایە، زۆرینەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە کەناڵەکان پەخشکراون لە سەر کەرتی گەشتیاری، بێلایەن بوون، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەرتی گەشتیاری وەک بواری سیاسی و یاسایی یان ململانێی حزبی نییە، تاوەکو زیاتر لە ئاراستەی" لایەنگیر" یان "دژ" بن، بۆیە زۆرینەی ڕاپۆرتەکان گوزارشتن لە گەشتکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە شوێنە گەشتیارییەکان، هەروەها ئەوانەی کە دژ (ڕەخنەیی) بوون، لە سەر خراپیی ڕێگاوبان و پیسکردنی شوێنە گەشتیارییەکان و هۆشیاریی گەشتیاری بووە. بڕوانە خشتەی ژمارە(٤).

خشتەی ژمارە (٤): ئاراستەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی گەشتیاریی

| ژ | ناوی کەناڵ / ئاراستە | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | (%) | دووبارە | (%) | دووبارە | (%) | دووبارە | (%) | |
| ١ | لایەنگر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣.٧ | ١ | ٠.٦ | سێیەم |
| ٢ | بێلایەن | ٩٨ | ٩٤.٢ | ٢١ | ٧٠ | ٢٢ | ٨١.٤ | ١٤١ | ٨٧.٥ | یەکەم |
| ٣ | دژ | ٦ | ٥.٨ | ٩ | ٣٠ | ٤ | ١٤.٩ | ١٩ | ١١.٩ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ١٠٤ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | ١٦١ | ١٠٠ | |

**٢. ئامانجی ڕاپۆرتەکان:**

لە ئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە؛ ئامانجی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە هەر یەک لە کەناڵەکانی (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە) خراوەتەڕوو، ئەو ڕاپۆرتانەی کاریان لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی کەرتی گەشتیاری کردووە، ناوەڕۆکی بەشێکیان بریتییە لە (ئاماری گەشتیار، شوێنی مانەوە، میوانخانە – هۆتێل، بنکەی گەشتیاری، ڕووداوی

خنکان) لە سنووری پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی (١٤.٨%) کە بە پلەی یەکەم هاتووە، هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی گوزارشتن لە بڵاوکردنەوەی کلتووری گەشتیاری وەک (ڤستیڤاڵ، جەژنی نەورۆز، خواردنە میللییەکان، پیشەی دەستی، بەرهەمە میللەییەکان) ئەمانە و چەندین ڕاپۆرتی تر بە ڕێژەی (١٤.٣٪) بە پلەی دووەم هاتووە، ئەو ڕاپۆرتانەی بوونەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بە ڕێژەی (١٤٪) لە پلەی سێیەم دێت، کەمترین ڕێژە ئەو ڕاپۆرتانەن، کە خۆیان لە چوارچێوەی برگەی (ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان، ڕیکلام و ڕەواجدانی گەشتیاری) دێن, کە ڕێژەکەی بریتییە لە (١٠.١٪)، هەردوو برگە بە پلەی حەوتەم هاتوون.

توێژەران ئەوەیان بۆ ڕوونبووەتەوە؛ ئاراستەی خاوەندارێتیی کەناڵەکان لە سەر کەرتی گەشتیاری زیاتر بایەخیان بە داتا داوە، بە تایبەت داتای گەشتیار و ڕێژەی سەردانیکەران، ئەگەرچی بڵاوکردنەوەی ئاماری گەشتیار لە سنووری ناوچەی توێژینەوە تاڕادەیەکی زۆر بنەمای زانستیی نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە بنکە و بەڕێوەبەرایەتیی گەشتیاری ئەو ئامارە لە دەزگا ئەمنی و کارگێڕیی میوانخانەکان وەردەگرن، ئەویش وەک پێویست نییە، چونکە ڕەنگە هاووڵاتییەک بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و گەشتکردن ڕووی لە ناوچەی توێژینەوە نەکردبێت و کاری تری هەبووبێت، بەڵام لە قەزای شەقڵاوە یان ئیدارەی سۆران لە میوانخانە ماوەتەوە، یاخود ئامارەکان بە ڕێژەیی لە جەژن و بنکەکان و وەرزی گەشتیاری بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش ئەو داتایانە دەخاتە گومانەوە، بۆیە گرنگە دەستەی گەشتیاریی هەرێم بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی ئاماری گەشتیاری لە گەشتیاران وەربگرێت، کاتێک سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان دەکەن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی ژمارە (٥): ئامانجی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

| ژ | ناوی کەناڵ / ئامانجی ڕاپۆرتەکان | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | |
| ١ | سەرنجڕاکێسانی گەشتیاران | ١٨ | ١١.١ | ١١ | ١٨.٧ | ٨ | ١٧.٨ | ٣٧ | ١٤ | سێیەم |
| ٢ | هەواڵ و زانیاری | ١٥ | ٩.٣ | ١٢ | ٢٠.٣ | ١٢ | ٢٦.٧ | ٣٩ | ١٤.٨ | یەکەم |
| ٣ | نیشاندانی خۆشگوزەرانی | ٢٨ | ١٧.٣ | ٦ | ١٠.١ | ٢ | ٤.٤ | ٣٦ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٤ | گەشەسەندنی گەشتیاری | ٢٥ | ١٥.٦ | ٤ | ٦.٨ | ٤ | ٨.٩ | ٣٣ | ١٢.٥ | پێنجەم |
| ٥ | ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان | ١٢ | ٧.٥ | ٩ | ١٥.٢ | ٦ | ١٣.٣ | ٢٧ | ١٠.١ | حەوتەم |
| ٦ | ڕیکلام و ڕەواجدانی گەشتیاری | ١٢ | ٧.٥ | ٧ | ١١.٩ | ٨ | ١٧.٨ | ٢٧ | ١٠.١ | حەوتەم |
| ٧ | ڕێنمایی و هۆشیاریی گەشتیاری | ٢٠ | ١٢.٥ | ٥ | ٨.٥ | ٣ | ٦.٧ | ٢٨ | ١٠.٦ | شەشەم |
| ٨ | بڵاوکردنەوەی کلتووری گەشتیاری | ٣١ | ١٩.٢ | ٥ | ٨.٥ | ٢ | ٤.٤ | ٣٨ | ١٤.٣ | دووەم |
| کۆی گشتی | | ١٦١ | ١٠٠ | ٥٩ | ١٠٠ | ٤٥ | ١٠٠ | ٢٦٥ | ١٠٠ | |

## ٣. ناوەڕۆکی پەیامەکان:

ئەنجامەکان دەریدەخەن؛ ناوەڕۆکی پەیامەکانی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕوونکراوەتەوە، کە لە هەر سێ نموونەی توێژینەوە پەخشکراون، ئەوانەی لێدوانیان بۆ هەر سێ کەناڵ داوە و پێیانوایە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر سەرنجڕاکیشن بە ڕێژەی (٢٠.٦٪) بە پلەی یەکەم هاتووە، ئەوانەی بۆ کاتبەسەربردن هاتوون بە ڕێژەی (١٥٪) بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵ سروشتی کوردستان و شوێنە گەشتیارییەکان و پاکڕاگرتنی ژینگەدان هەردوو برگە بە ڕێژەی (١٣٪) بە پلەی سێیەم هاتوون.

بە بڕوای توێژەران؛ هەر یەکە لە کەناڵی (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، سپێدە) لە بابەتی سەرنجڕاکێشی و کاتبەسەربردن و سروشت و پاکڕاگرتنی ژینگەی شوێنە گەشتیارییەکان، ئامانج و پەیامەکانیان لە یەک نزیک بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەرتی گەشتیاری وەک بابەتی سیاسی و یاسایی و سەربازی نییە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان هەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی ژمارە (٦): تایبەتمەندییە گشتییەکانی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی گەشتیاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان شیدەکاتەوە.

| ژ | ناوی کەناڵ / ناوەڕۆکی پەیامەکان | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | |
| ١ | کاتبەسەربردن | ٢٦ | ١٦ | ١٣ | ١٨ | ٥ | ٨.٧ | ٤٤ | ١٥ | دووەم |
| ٢ | سەرنجڕاکێش | ٢٤ | ١٤.٨ | ١٩ | ٢٦.٣ | ١٧ | ٣٠ | ٦٠ | ٢٠.٦ | یەکەم |
| ٣ | سروشتی کوردستان (سروشتی شوێنە گەشتیارییەکان) | ١٧ | ١٠.٤ | ١٢ | ١٦.٧ | ٩ | ١٥.٨ | ٣٨ | ١٣ | سێیەم |
| ٤ | پاکڕاگرتنی ژینگە | ٢٩ | ١٧.٧ | ٦ | ٨.٤ | ٣ | ٥.٢ | ٣٨ | ١٣ | سێیەم |
| ٥ | ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایش و سەقامگیری | ٢٣ | ١٤.١ | ٤ | ٥.٦ | ٠ | ٠ | ٢٧ | ٩.٢ | چوارەم |
| ٦ | پیشەی دەستی و بەرهەم و خواردنە میللییەکان | ١٥ | ٩.٢ | ٢ | ٢.٨ | ٥ | ٨.٧ | ٢٢ | ٧.٦ | شەشەم |
| ٧ | داتای ئاماری لە سەر ژمارەی گەشتیاران | ١١ | ٦.٧ | ١١ | ١٥.٣ | ٤ | ٧ | ٢٦ | ٩ | پێنجەم |
| ٨ | سەرکێشی و چێژوەرگرتن | ١٣ | ٨ | ٣ | ٤.١ | ١١ | ١٩.٢ | ٢٧ | ٩.٢ | چوارەم |
| ٩ | ڕەفتاری ئەرێنیی هاووڵاتیان لەگەڵ گەشتیاران | ٣ | ١.٩ | ١ | ١.٤ | ٢ | ٣.٦ | ٦ | ٢ | حەوتەم |
| ١٠ | بەهاناوەچوونی گەشتیاران لە کاتی ڕووداوەکاندا | ٢ | ١.٢ | ١ | ١.٤ | ١ | ١.٨ | ٤ | ١.٤ | هەشتەم |
| | کۆی گشتی | ١٦٣ | ١٠٠ | ٧٢ | ١٠٠ | ٥٧ | ١٠٠ | ٢٩٢ | ١٠٠ | |

**- دەستە ڕواڵەتییەکان (یەکەی شێوە) (چۆن گوتراوە؟)**

**١. سنووری قەزاکان:**

لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت؛ ئەو ڕاپۆرتانەی لە سنووری قەزاکانی پارێزگای هەولێر ئەنجامدراون، قەزای سۆران لە پلەبەندی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٢٥٪)، قەزای چۆمانیش بە ڕێژەی (١٧.٣٪) بە پلەی دووەم دێت، هەروەها قەزای ڕواندز بە ڕێژەی (١٥.٥٪) بە پلەی سێیەم هاتووە.

بە سەرنجدان لە ئەنجامی ژمارەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە سنووری قەزاکان دەردەکەوێت، شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری ئیدارەی سۆران زۆربەیان ڕاپۆرتیان لە بارەوە کراوە، بە تایبەت قەزای سۆران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زۆرترین شوێن لەو ناوچەیە وەک (تاڤگەی گەلی عەلی بەگ، کانی ماران، دۆڵی خەلان و بیاو و ئالانە، دەشتی هێرت و چەمی خەلیفان) و چەندین شوێنی تر، هەروەها لە سنووری قەزای چۆمانیش بە هەمان شێوە، ئەو ناوچەیە بنەمای خۆرسک و هەر چوار وەرزی تێدا بەرجەستە دەبن، کە بە سەر هەر چوار ناوچەی (حاجی ئۆمەران، قەسرێ، گەڵاڵە، سمیلان) دابەشکراون، بوونی تایبەتمەندی و کاریگەریی کەشوهەوا و سروشت و دیمەنە ناوازەکان لەو ناوچەیە، ئەگەر حکومەت و دامەزراوە پەیوەستدارەکانی گەشتیاری هاوکار بن و سەرمایەدارەکان سەرمایەی خۆیان لەو دەڤەرە بخەنەگەڕ کەرتی گەشتیاری دەچێتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، ئەمەش پێویستی بە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بە تایبەت کەناڵە ئاسمانییەکان دەبێت لە ناساندن و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ئەو سنوورە کاریگەریی خۆیان هەبێت. جگە لە قەزای سۆران و چۆمان شوێنە گەشتیارییەکانی قەزای ڕواندزیش بە پلەی سێیەم دێن، لە سنووری ئەو قەزایە چەندین شوێنی گەشتیاریی گرنگ و پێشکەوتوو هەن، کە گەشتیار ڕووی تێدەکات، ئەو شوێنانەش کاریگەرییان لە سەر جووڵەی بازاڕ و خەڵکی ناوچەکە هەبووە، بۆ نموونە شوێنەکانی (تەلەفریکی کۆڕەک، شنگلبانە، بێخاڵ، جوندیان، بێرۆیان، دۆڵی ئاکۆیان، خەرەند، شوێنە گەشتیارییەکانی وەرتێ).

تویژەران بۆچوونیان وایە، لەم نێوەندەدا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنییان بینیوە، بۆ نموونە ناحیەی وەرتێ لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و ڕاپۆرتی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بەو شێوەیە ناسێندرا ئێستا یەکێکە لەو ناوچە گەشتیارییانەی هەرێمی کوردستان، کە توانراوە زۆرترین گەشتیار ڕووی تێبکات، ئەمەش وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە سنووری ناحیەکە چەندین بنکە و شوێنی گەشتیاری دروستبکرێن، جگە لە ڕەخساندنی هەلیکار و جووڵەی بازاڕ و پێشخستنی ئەو کەرتە لە سنوورەکە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧): شیکردنەوەی ژمارەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە سنووری قەزاکان

| ژ | ناوی کەناڵ / قەزاکان | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | |
| ١ | دەشتی هەولێر | ١٢ | ١١.١ | ٠ | ٠ | ٦ | ٢١.٥ | ١٨ | ١٠.٨ | شەشەم |
| ٢ | خەبات | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | هەشتەم |
| ٣ | مەخموور | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | هەشتەم |
| ٤ | شەقڵاوە | ١٧ | ١٥.٨ | ٢ | ٦.٣ | ٠ | ٠ | ١٩ | ١١.٣ | پێنجەم |
| ٥ | کۆیە | ٨ | ٧.٥ | ١ | ٣.١ | ١٣ | ٤٦.٤ | ٢٢ | ١٣ | چوارەم |
| ٦ | سۆران | ٢٧ | ٢٥ | ١١ | ٣٤.٣ | ٤ | ١٤.٢ | ٤٢ | ٢٥ | یەکەم |
| ٧ | چۆمان | ٢٣ | ٢١.٢ | ٤ | ١٢.٥ | ٢ | ٧.١ | ٢٩ | ١٧.٣ | دووەم |
| ٨ | ڕواندز | ١١ | ١٠.١ | ١٢ | ٣٧.٥ | ٣ | ١٠.٨ | ٢٦ | ١٥.٥ | سێیەم |
| ٩ | مێرگەسۆر | ١٠ | ٩.٢ | ٢ | ٦.٣ | ٠ | ٠ | ١٢ | ٧.١ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٢ | ١٠٠ | ٢٨ | ١٠٠ | ١٦٨ | ١٠٠ | |

### ٢. ماوەی ڕاپۆرتەکان

ئەنجامەکان پیشانیدەدەن؛ زۆرترین ماوەی ڕاپۆرتەکان لە هەر سێ کەناڵ بریتیبوون لە زیاتر (*2:30*) خولەک کە بە ڕێژەکەی (٨٢٪) بە پلەی یەکەم دێت و بە بەراوردی هەردوو برگەی تر ڕێژەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، هەرچی ماوەی ڕاپۆرتی کەمتر لە (*2:30*) خولەک ڕێژەکەی (١٠٪ و (*2:30*) خولەکی تەواویش ڕێژەکەی بریتییە لە (٨٪) نێوانیان جیاوازییەکی کەم هەیە کە لە پلەبەندیی دووەم و سێیەم هاتوون.

زۆرترین ماوەی ڕاپۆرتەکان لە هەر سێ کەناڵ بریتی بوون لە زیاتر (*2:30*) خولەک بە سەرنجدان لە خشتەکە ڕوونبۆتەوە، لە کۆی (١٠٤) ڕاپۆرتی کوردستان تیڤی (٨٦) ڕاپۆرت لەو برگەیەدان، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، هەروەها کەناڵی کوردسات نیوز لە کۆی (٣٠) ڕاپۆرت (٢٦) ڕاپۆرت لە چوارچێوەی ئەو برگەیەدان و کەناڵی سپێدەش لە کۆی (٢٧) ڕاپۆرت (٢٠)یان زیاتر (*2:30*) خولەک بوونە، ئەم داتایە هەر سێ کەناڵ بە قەد قەبارەی ژمارەی ڕاپۆرتەکانیان لە یەکتر نزیکن، بە سەرنجدانی توێژەران لە ڕاپۆرتەکان و بینینیان بەشێکی زۆریان لە سەرووی چوار خولەک بەسەرەوەن، کە هەستدەکرێت بابەتەکە تێر بکرێت. لە لایەکی تریش، نەبوونی فلتەر و ڕێبەری لەو کەناڵانە کە وا لە پەیامنێر بکات پابەند بێت و بەپێی ستاندەر لە (٢:٣٠) زیاتر نەبێت، کەچی لە کۆی (١٦١) ڕاپۆرتی هەر سێ مشتەی توێژینەوە سێزدە ڕاپۆرتیان (*2:30*) خولەکی تەواو بوونە، ئەمەش ژمارەیەکی کەمە، هەرچی برگەی کەمتر لە (*2:30*) خولەک ژمارەکەی زیاترە لەوەی پێشتر کە لە کۆی ژمارەی گشتیی ڕاپۆرتەکانی هەر سێ کەناڵ (١٦)

ڕاپۆرت بوونە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕێنمایی و ستانداردەکی جێگر بۆ ماوەی ڕاپۆرت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە تایبەت مشتەی توێژینەوەکە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

خشتەی ژمارە (٨): شیکردنەوەی ماوەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

| ژ | ناوی کەناڵ / ماوەی ڕاپۆرت | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | |
| ١ | کەمتر لە (2:30) خولەک | ١٢ | ١١.٥ | ٠ | ٠ | ٤ | ١٤.٩ | ١٦ | ١٠ | دووەم |
| ٢ | (2:30) خولەکی تەواو | ٦ | ٥.٨ | ٤ | ١٣.٣ | ٣ | ١١.١ | ١٣ | ٨ | سێیەم |
| ٣ | زیاتر (2:30) خولەک | ٨٦ | ٨٢.٧ | ٢٦ | ٨٦.٧ | ٢٠ | ٧٤ | ١٣٢ | ٨٢ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ١٠٤ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | ١٦١ | ١٠٠ | |

**٣. کاتی پەخشی ڕاپۆرتەکان:**

لە ئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە؛ ئەو ڕاپۆرتانەی لە گەشتی هەواڵەکان لە هەر یەک لە نموونەی توێژینەوە پەخشکراون ڕێژەکەی بریتییە لە (٦٨.٣٪) کە لە هەموو برگەکانی تر بەرزترە و بە پلەی یەکەم هاتووە، ئەو ڕاپۆرتانەی لە بەرنامەی بەیانیان پەخشکراون بە ڕێژەی (٢٩.١٪) لە پلەی دووەمدایە.

توێژەران بۆچوونیان وایە، لە بەر ئەوەی کەرستەی ڕاپۆرتەکان بەشی زۆریان بابەتی ڕۆژ و داتای ئامارین تایبەت بە کەرتی گەشتیاری، ئەگەر لە کاتی خۆی پەخشنەکرێن کۆن دەبن و بە لای بینەر گرنگیی خۆیان نابێت، بۆیە زۆرینەی ڕاپۆرتەکان لە گەشتی هەواڵەکان پەخشکراون، بەشێکی تریش کە تایبەتن بە بەرنامەی بەیانیان ڕاپۆرتەکان لەوێ پەخشکراون، ڕێژەکی کەمیش لە بەرنامەی ئێواران پەخشکراون. بڕوانە خشتەی ژمارە(٩).

خشتەی ژمارە (٩): کاتی پەخشی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕووندەکاتەوە

| ژ | ناوی کەناڵ / کاتی پەخشی ڕاپۆرتەکان | کوردستان تیڤی | | کوردسات نیوز | | سپێدە | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | دوبارە | (%) | |
| ١ | گەشتی هەواڵەکان | ٦٤ | ٦١.٥ | ٢٩ | ٩٦.٧ | ١٧ | ٦٣ | ١١٠ | ٦٨.٣ | یەکەم |
| ٢ | بەرنامەی بەیانیان | ٣٨ | ٣٦.٥ | ٠ | ٠ | ٩ | ٣٣.٣ | ٤٧ | ٢٩.١ | دووەم |
| ٣ | بەرنامەی ئێواران | ٢ | ٢ | ١ | ٣.٣ | ٠ | ٠ | ٣ | ١.٩ | سێیەم |
| ٤ | پەخشی ڕاستەوخۆ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | شەشەم |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | کاتی تر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٣.٧ | ١ | ٠.٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ١٠٤ | ١٠٠ | ٣٠ | ١٠٠ | ٢٧ | ١٠٠ | ١٦١ | ١٠٠ | |

**ئەنجام**

**لە کۆتایی توێژەران گەیشتوونەتە چەند ئەنجامێکی گرنگ لەوانە:-**

١. زۆرینەی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بێلایەنانە بوونە لە ئاراستەی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

٢. بەشێکی نموونەی توێژینەوە کاریان لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر کردووە.

**٣.** بەشێکی ڕاپۆرتە گەشتیارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بوونەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر.

٤. زۆرترین ڕاپۆرتی گەشتیاری لە سنووری قەزای سۆران ئەنجامدراون, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرانجڕاکێشیی شوێنەکان و فراهەمکردنی خزمەتگوزاریی گەشتیاری.

٥. ئەو ڕاپۆرتانەی لە گەشتی هەواڵەکان پەخشکراون ڕێژەکەی لە هەموو بڕگەکانی تر بەرزترە.

**ڕاسپاردە**

توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەکی خستۆتەڕوو:

١. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی گشتیی گەشتیاریی هەرێم پلان و ستراتجی خۆیان زیاتر بخەنەگەڕ بۆ بووژانەوەی شوێنە گەشیارییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر، لەو نێوانەشدا، ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهەندوەربگرن.

٢. پێویستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر کار لەسەر تەواوی ژانر و پەیامەکان (ڕاپۆرت، هەواڵ، بەرنامە، بەدواداچوون، بەرنامەی تایبەت، ڕیکلام و بەبازاڕکردن) دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن و، لە شاشەکانیان ڕەنگبداتەوە، تاوەکو کاریگەرییان زیاتر بێت.

**پێشنیاز**

توێژاران لە داهاتوو هەوڵبدەن جیا لە تەلەڤزیۆن توێژینەوەی دیکە لە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی (ڕادیۆ، ڕۆژنامە، پێگە ئەلیکترۆنی و سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیا) لە سەر گەشتیار و کەرتی گەشتیاری و ئاستی گرنگیپێدانی گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ئەنجامبدەن.

**پەراوێزەکان:**

*(1* **ناوی پسپۆران و هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ناخشیکاریی (شیکارییینامە).**

١. پ. د. عزت محەمەد حجاب/ ڕاگەیاندن/ کۆلیژی ڕاگەیاندن/ زانکۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست/ ئوردن.

٢. پ. د. شیروان عومەر ڕەشید/ جوگرافیای گەشتیاریی / کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی.

٣. پ. د. یونس عەلی ئەحمەد / ئابوریی گەشتیاریی/ کۆلیژی کارگێری وئابووری/ زانکۆی سلێمانی.

٤. پ. د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی.

٥. پ. ی. د. عبدالکریم علی الدبیسی/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانکۆی ئایندە/ عێراق.

٦. پ. ی .د. لانە صابر محەمەد سەعید/ پەیوەندیی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی.

٧. پ. ی. د. ئەحمەد حمەغریب عومەربلی/ پەیوەندییە گشتییەکان/ کۆلێژی یاساو ڕامیاری/ زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی/ سلێمانی.

٨. پ. ی. د.ڕزگار مەغدید ئەحمەد/ ئاماری پراکتیکی/ کۆلیژی کارگێری و ئابووری/ زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

٩. پ. ی. د. بەهات حەسیب قەرەداخی/ ڕاگەیاندن/ کۆلێجی تەکنکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

١٠. پ. ی. د. صادق حەمەغریب حەمەصالح/ ڕاگەیاندن/ کۆلیژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

١١. پ. ی. د. یوهان عوسمان حەمە/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی


١. ئەحمەد قادر علی، (٢٠١٧) *ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە سەر ڕەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیندا)*، نامەی ماستەر, بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢. ارشد خلیل اسعد، (٢٠١٦)، *پشتبەستنی جەماوەر بە بابەتی بەدواداچوون لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری*، نامەی ماستەر, بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

٣. بەشدار حوسێن محەمەد، (٢٠٢٠)، *کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن.. تەلەڤزیۆن و بەها کۆمەلایەتییەکان*، چ١, هەولێر, خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤. جوان عثمان حمەامین، (٢٠١٧)، *ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان لە سەر لابوونی نەتەوایەتی لە هەرێمی کوردستان*، نامەی ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٥. جوان جەلالەدین محێدین، (٢٠٢٢)، *ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا*، تێزی دکتۆرا، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

٦. دیاری عوسمان عارف، (٢٠١٠)، *هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا*، نامەی ماستەر (بلاوکراوە) بەشی ڕاگەیاندن، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

٧. دڵشاد مستەفا سلێمان، (٢٠١٩)، *پەیوەندیی نێوان سیستەمی کارگێڕی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندنکاران*، چ١, هەولێر, چاپخانەی هێڤی.

٨. سایە دلاوەر محەمەد، (٢٠١٦)، *کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشت و گوزار کێشە ژینگەییەکانی شاری شەقڵاوە وەک نمونە*، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.

٩. سێرگێی میخایلۆڤ، مەغدید سەپان، (٢٠١٣)، *پەیامنێری تەلەڤزیۆن*، چ١, هەولێر, چاپخانەی موکریانی.

١٠. مەحمود وەندی، (٢٠١٣)، *ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە*، و: ڕابەر ڕەشید، چ١, کەرکوک, چاپخانەی کارۆ.

١١.مەغدید سەپان، (٢٠١٢)، *ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ*، چ١, کەرکوک, چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١٢.أمانى رضا، (٢٠١٧)*الإعلام والسياحه*، ط١. مصر، أطلس للنشر والإنتاج الإعلامى ش. م. م.

١٣.ابراهيم سعيد فتح الله، رساله الماجستير، (٢٠٠٧)، *الوظيفه الإخباريه للقنوات التلفزيونيه الفظائيه فى اقليم كوردستان*، قسم الاعلام، كليه العلوم الانسانيه، جامعه السليمانيه.

١٤.أسامه صبحى الفاعورى، (٢٠٠٦)، *الإرشاد السياحى ما بين النريه والتطبيق*، ط١, الاردن, مؤسسه الوراق للنشر والتوزيع.

١٥.بەهات حسيب على قەرەداخى، اطروحه دكتوراه، (٢٠١٦) *العوامل المؤثره فى التغطيه الخبريه*، قسم الإعلام، كليه الآداب، جامعه صلاح الدين/اربيل.

١٦.بلبخاري سامى، (٢٠١٦)، *اثر الإعلام السياحي على تحسين صورة السياحة الداخلية في الجزائر من وجهة نظر السياحة المحليين دراسة ميدانية*، مجلة جامعة القدس لمفتوحة للآبحاث والدراست والآقتصادية- المجلد الثاني، ع٦، ١٦٧-١٩٠.

١٧.حكيم عثمان حميد، (٢٠١٣)، *دور تكنولوجيا الاتصال في تطوير العمل الآعلامي في وسائل الاعلام الكردستانية*، ط١, السليمانية, دار سردم للطباعة والنشر، كردستان.

١٨.خالد بن عبدالرحمن ال دغيم، (٢٠١٤)، *الإعلام السياحى وتنمەى السياحه والوطنيه*، ط١, الاردن, دار أسامه للنشر والتوزيع، عمان.

١٩.خالد مقابەله، (٢٠٠٣)، *فن الدلاله السياحه*، ط٢، الاردن, دار وائل للنشر والتوزيع.

٢٠.شاخەوان جمال حبيب الله، مريوان مهدى جميل، (٢٠١٨)، *دور الإعلان ل NRT و NRT2 و NRT العربيه فى جذب السياح*، مجله الفنون والآدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع، كليه الإمارات للعلوم لتربويه، العدد/١٩، ١٥٢-١٨٢.

٢١.صلاح الدين عثمان قادر، رساله الماجستير، (٢٠١٠)، *البرامج الترفيهيه فى القنوات الفظائيه الكرديه قناه زاگروس انونجا*، فى الاعلام، كليه العلوم الانسانيه، جامعه السليمانيه.

٢٢.عبدالصمد قادر حسين، (٢٠١٠)، *الافلام الوثائقيه فى قناه كوردسات الفضائيه التلفزيونيه*، رساله الماجسيتر، قسم الاعلام/ التلفزيۆن، كليه العلوم الإنسانيه، جامعه السليمانيه.

٢٣.محمد خطاب، (٢٠١٦)، *الإعلام السياحى واعلاقات العامه*، ط١, الاردن, دار امجد للنشر والتوزيع.

٢٤. مصطفى يوسف كافي، (٢٠١٥)، *دراسات في الإعلام والاعلان السياحي*، ط١, الاردن, دار الحامد للنشر والتوزيع.
٢٥. هاوری محمود ڕسول، كاروان عبدلله محمد، (٢٠١٧)، *دور التنميه الإداريه المؤسسات التلفزيونيه في اقليم كوردستان*، مجله الفنون والآدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع، كليه الإمارات للعلوم لتربويه، العدد١٧، ١٧٩-٢٠٢.
٢٦. يحيى سعيدى، (٢٠١٣)، *مساهمه قطاع السياحه في تحقيق التنمهى الاقتصاديه/ حاله الجزائر*، مجله كليه بغداد للعلوم الاقتصاديه اجامعه، العدد٣٦، ٩٤-١١٤.


**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


٢٧. *Kumari Anita، (2017) Role of Media to Promote Tourism in Himachl Pradesh، Global Journal on Recent Advancement in Business Forecasting and Marketing Intelligence، Vol 1، Issue 1, 19-27.*
٢٨. *Rao Kondala, (2017) ROLE OF Media in Tourism New Comunication Technologies، International Journal for Innovative Research in Multidisciplinary Field، volume-3, 35-39.*
٢٩. *Gebrehiwot Jerusalem Betsiha, Degree of Masters, (2018) The Role of Media in Promoting Tourism: Ethiopian Broadcasting Corporation in Focus، A Thesis Submitted to the School of Jounalism and Communication Addis Ababa University in Partial fulfillment of Requirements Arts in Journalism andCommumcation، Ethiopia.*
٣٠. *Mansson Maria Academic Thesis, (2015) Mediatized tourism: The convergence of media and tourism performances، as for the completion of a doctorate in philosophy at Faculty of Social Sciences، Lund University، Citation for published version (APA).*
٣١. *Al-Hrout Shadi, Ibrahim Hussien M, Al-khasawneh Nermmin, (2018) The Role of Tourism Media in the Promotion of Domestic Tourism in Jordan (Governorate of Irbid as A model)، Joumal of Tounsm، Hospitality and Sports، Vol.37, 35-47.*

٣٢. S. Praveen kumar، (2014) Role of Media in the Promotion of Tourism Industry in India، An Online International Research Journal، Vol 1 Issue 3, 186-192.

**ملخص البحث**

إنّ الهدف من هذا البحث عبارة عن المعرفة والعرض والتحديد لنوع الموضوع ومحتوى رسائل التقارير للقنوات الفضائية الكوردية المستخدمة في توجيه السُيّاح إلى المناطق السياحية لمحافظة أربيل. يعتبر هذا النوع من البحث من إحدى البحوث الوصفية الذي استخدم المنهج الوصفي من أجل الوصول إلى النتائج ، ومجتمع البحث يتكون من مجموع التقارير للقنوات الفضائية الكوردية التي هي نموذج البحث،مثل (كوردستان تيفي، كوردسات نيوز، سبيدة). أمّاعينة البحث يتكون من التقارير المنشورة للمجال السياحي لتلك القنوات المذكورة. وفي نهاية البحث وصل الباحثان إلي عدد من النتائج، منها: استطاعت تلك القنوات العمل على نشر الإخبار والمعلومات السياحية وكذلك جذب السُيّاح لزيارة المناطق السياحية في محافظة أربيل.

**مفاتيح الكلمات:** الدور، القنوات الفضائية الكوردية، الاتجاه، السائح، المناطق السياحية، محافظة أربيل.